**ژمارە /٦/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا/٢٠٢٢        بەروار      ٢٠٢٢/٩/٢٦**

لە بەرواری ٢٠٢٠/١٢/٢ وە لە دۆسیەی داوایی ژمارە ٧١/ب/٢٠١٩ دادگایی بەرایی شەقلاوە بریاری دەرکرد بە پابەند بوونی داوا لە سەرکراو - قائیمقامی قەزای شەقلاوە - وە کەسی سێ یە م لە پاڵ - پاریزگاری هەولێر سەرەڕایی کارەکانیان هە روەها داوا لێکراوی دوو سە رە ڕایی کارەکەی بە (منع المعارضة) داوا کاران هەریە کە لە (ظ ح س ) و (م ح س ) بۆ تەواو کردنی ودروست کردنی خانووی دروست کراو لە سەر مولکی ژ مارە (٣٥/ ك/ كاواذيان) بەو شێوازەی کەلە پشکی ئەنجام دراو لە لایەن دادگا دیاریکراوە وە لە بەر قایل نەبوونی سەرۆکی داوا کاری گشتی هەرێم بە بریاری دادگا هەلسا بە تان ە لێدان لە بەرژەوەندی یاسا لە سەرۆکایەتی دادگایی پێدا چوونەوەی هەرێمی کوردستان بە بریاری ژمارە (١٥/ هيئة الطعن لمصلحه القانون /٢٠٢١ ) لە ٢٠٢١/٦/١٥ لە سەر تانەی سەرۆکی دەزگای داواکاری گشتی هەرێم بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بریاری ئەم دادگایە بە ژمارە (٧١/ب/٢٠١٩) لە ٢٠٢٠/١٢/٢ وە پاش گەراندنەوەی بۆ دادگای بەرایی شەقلاوە بۆ دووبارە سەیر کردنی. دادگایی ناوبراو بڕیاری دەرکرد بە داوای ژمارە ٧١/ب/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١٣ وە بە پێ ی بڕیاری دادگایی پێدا چوونەوەی هەرێمی کوردستان بڕیاری دەرکرد بە رەد (رد) کردنەوەی داوا ی داواکاران کەوا یەکناگرێتەوە لە گەڵ هیچ سەنەدێکی یاسایی وە هەروەها ڕەد کرد نەوەی هۆ کار لە بڕ یاری پێدا چوونەوە وە لە ئە ستۆ گرتنی داوا کاران بە تێچوون و ما ندووبوونی ئەرکی پارێزەرایەتی لە داوا کە . وە پاش گەڕانەوەی بۆ دادگایی بەرایی شەقلاوە وە ناردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی دادگایی پێداچوونەوەی هەرێم بە شێوەی تلقائی تەماشا بکریت وەلە بەر ئەوەی داواکاران رازیی نەبوون بە بریاری دادگایی بەرایی تانەیان لێ دا لە لای ئەم دادگایە بە پێ ی تانە ی پێداچوونەوەی رەسم بۆ درا و لە بەرواری ٢٠٢٢/٤/١٣ وە پاش گەیشتن دانرا بۆ وورد بینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ورد بینی و گفتو گۆ تێبینی کرا کە بریاری دادگای بەرایی شەقلاوە بە ژمارە ٧١/ب/٢٠١٩ لە بەرواری ٢٠٢٢/٣/١٣ دەرچۆتەوە لە پەیڕەوی کردنی بریاڕی ئە م دادگایە بە ژمارە ١٥/هيئه الگعن لمصلحه القانون /٢٠٢١ لە ٢٠٢١/٦/١٥ دا بەلاّم تانەی پێشکەشکراو لە لایەن داوکارانەوە بۆ پێداچوونەوەی بریاری دادگایی بەرایی ناوبراو لە بەرواری ٢٠٢٢/٤/١٣ رەسمی دراوە و دەکەوێتە دەرەوەی ماوەی یاسایی خۆیەوە کە (٣٠) رۆژە وە بە هۆی ئەوەی ماوەی دیاریکراو بۆ تانە لێدان لە بریارەکان ماوەیەکی پێویستە ڕەچاو نەکردن و بە سەرچوونی ئە و ماوەیە دەبێتە مایەی لە دەستچوونی مافی تانە لێدان ... م ١٧١ لە یاسایی داد بینی شارستانی ، بۆیە بریار درا بە رەتکردنەوەی تانەی پیداچوونەوە لە رووی شێوەوەو لە ئە ستۆ گرتنی رە سمی پێداچوونەوە لە لایەن پێداچووکارەوە و ئەم بڕیارە بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/٩/٢٦

**ژمارە /٣١/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا/٢٠٢٢        بەروار ٢٠٢٢/١٢/١٣**

لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٢/٢٣ وە لە دۆ سیەی داوا یی ژ مارە ٣١/ب/٢٠٠٩ داد گایی بەرایی سۆران بر یاری دەرکرد بە راست کردنەوەی بەرواری لە دایك بوونی داوا دژ لە سەرکراو /داوا کار/ م ج م لە ١٩٨٥/١/٢٢ بۆ ١٩٨٨/١١/٢٧ وە پابەند بوونی داوا لێکراو سەرۆکی باری شار ستانی لە دیا نا بە تۆمار کردنی لە تیانوسی فەرمانگە وە لە بەر قایل نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەم بریارە هەلسا بە تانە لێدان بە رێگەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێی تیانوو سی ژ مارە ١٧٨٢/٣

له ٢٠٢٢/١٠/٢٤ وە پاش گەيشتنى دۆسيە و تانە كە بۆدادگاكەمان تۆمار كراو دا نرا بۆ گفتو گۆ و وورد بينى .

***بريار /***

پاش ووردبينى و گفتوگۆ تێبينى كرا كە سەرۆكى داواكارى گشتى تانەى داوە لە بر يارى داد گاى بەرايى سۆران بە ژمارە ٣١/ب/٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٢/٢٣ كە بريارە كە كۆ مەلێك هە ڵەى لە خۆ گر تووە كە پێشێل كارى ياسايە و ناكريت بريارەكە تێپە رێنرێت سەرەتا كۆنو سى داد بينى و شێوەى فۆرمى (ا ستمارە) ى وەرگرتووە نەك كۆنوسى دادگا هەلساوە بە پركردنەوەى بۆشاييە كان هەمان هەڵە كراوە لە بر يار دان ئەويش فۆرمى چاپكراوە بۆشاييە كان پركراوەتەوە جگە لەوە دادگا هيچ لێكۆلينەوەيە كى نەكردووە لە داواكارى داوا كار را ستى داوا كەرى چونكە ناو براو بانگە شەدەكات كە رێكەوتى لە دا يك بوونى سالى (١٩٨٨) نەك سالى(١٩٨٥) بە لاٌم شايەتى شاهيدەكان بە روو نى نەهاتووە كە واب ێت هەروەها داو كار بەروارى لە دايك بوونى تۆماركراوە بە پێى بەلگەنامەى لە دا يك بوون كە لە نەخۆش خا نەى صديق دەرچووە لەلايەن فەرمانبەرى تايبەتمە ند بە ژ مارە (١٥٣) لە دا يك بوون لە ١٩٨٨/١/٢٣ چۆن دەكر ێت بانگەشەى ئەوە بكات كە دەمانگ پاش دەرچوونى ئەو بە لگەنامە يە لە دا يك بووە ئەوەش پێچەوانەى داواكاريەكەيەتى وە لە بەر ئەوەى بر يارى تا نە لێدراو بە پێچەوانەى بۆ چوونەكانى سەرەوە بر يارى دەر كردووە بۆ يە ئەم دادگا يە بر يارى دا بە وەر گرتنى تا نە لە بەرژەوە ندى يا سا و هەلوە شاندنەوەى بر يارى تا نە لێدراو گەڕا نەوەى دۆ سيەى داوا كە بۆدادگايە كەى بە مەبە ستى دەركرد نى بر يار بە رەتكرد نەوەى داواى داوا كار و نارد نەوەى بريارە كە بۆ ئەم داد گا يەكـ سەر (تلقائ يا) بۆ بي نينى بە مەبەستى ووردبينى پێداچوونەوە ئەم بڕيارەش بەزۆرينەى دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٢/١٢/١٣.